ئاسۆ غەریب:

بە بڕوای من دەخوازێت بۆ کاری داهاتوومان ئامانجەکان و پێویستیەکانی ژیانی خەڵك بکەینە بنەما لە داڕشتنی پلاتفۆرمی سیاسیماندا و بەم بەیداخەوە ئۆپسزیۆنێکی بوێرو نەترس و متمانە بە خۆ دروست بکەین

ئاسۆ غەریب

بەمەبەستی وەرگرتنی رای رۆشنبیران و سیاسە تمەداران سەبارەت بەرەوشی نۆپسیۆن لەکوردستان یەباشمان زانی ئەم چاوپێوەتنە لەگەڵ بەڕێز ئاسۆ غەریب بکەین کەئەندامی کۆمیتەی ئاوەندی یەکێتی کۆمۆنیستەکانە..

پرسیار: تاچەند باوەڕت بە بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن هەیە لەکوردستاندا؟

وەڵام: ئەگەر مەبەستتان لەم پرسیارە پێویستی بوونیەتی، ئەوا بژشایی ئۆپۆزسیۆنێکی پایەداری جەماوەری کە لەگەڵ ئازارو مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستان ئاوێزان بوبێت و خواست و داواکارییەکانی ئەوانی کردبێتە بەرنامەی سیاسی خۆی، بەئاشکرا دیارەو پێویستی بەسەلماندن و نمونە هێنانەوە نییە.

لەلایەکەوە ئەوەی کە خەڵك هەموی بێزارە، ناڕازییە، جنێودەدات، نەفرەت دەکات، بەرۆکی خۆی دادەدڕێت، لەهاوکاری و دەنگپێدانی پارتی و یەکێتی پەشیمانە و سەدجار سەری پەنجەی خۆی دەگەزێت، وە لەلایەکی دیکەشەوە لێکدوورکەوتنەوەو جیابوونەوەی هەمەلایەنەی دەسەلات لەخەڵك، لەرووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت لە بینەی ژیانیشدا، دور راستی حاشاهەڵنەگرو دور بەڵگەو نمونەی زیندوون کە بەرۆشنی داخوازی بەدیل دەخەنەوەو، بەدیلێك کە بوونی خەباتو تێکۆشان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵك لە پەرش و بڵاوی نێستای دەربینی و بێتە ناوەندێکی جێگای متمانە بۆ بەدیهێنانی ئاراتو ئامانجەکانیان.

ئەم بەدیلە چۆن بەدیدێت و بۆ تائێستا نەخەملێوە، ئەوە پرسیارێکی تردو بە بڕوای من دەخوازێت بۆ کاری داهاتوومان ئامانجەکانو پێویستیەکانی ژیانی خەڵك بکەینە بنەما لە داڕشتنی پلاتفۆرمی سیاسیماندا و بەم بەیداخەوە نێوزسیۆنێکی بوێرو نەترس و متمانە بەخۆ دروستکەین، کە پشت بە خەباتی خەڵك ببەستێتو تێکەڵی ناڕەزایەتی ڕۆژانەی خەڵك بێت.

بەڵام ئەگەر بەدیدەکەی تردا مەبەستی پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا هێزێکی نۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەکوردستان نێستا هەیە، بەڵێ هەیە ، بەڵام فرە مینبەرو پەرش و بڵاوە، ئایدۆلۆژی گەرە، کێشەی واقیعبینی هەیە، سیکتاریزم و ڕێکخراو پەرستی لەقالبی داوە، دابڕاوە لەجەماوەرو داخوازییەکانی و تاراوەیەکی زۆریش لەژێر پەستانی دەسەلاتدایە، بەشێکی بەشێوەی یاخیگەری و بەشێکی بە شێوەی وابەستەیی، لەهەموو ئەوانەش خەراپتر نۆپۆزسیۆنێکی خۆڕاڵتی دابڕاوە لەجیهان و هەربەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

دیارە ئەگەر بیەوێت بێتە بەدیل و خەڵك پلاتفۆرم و ڕیگاچارەکانی ئەو بەدەستەوە بگرن، دەبێت لەهەموو ئەو بوارانەدا پێداچوونەوەی وردو بکات و ئاڵوگۆڕی جدی پێکبێنێت، ئەم ئاڵوگۆڕە جدییە لە نۆپۆزسیۆندا پێشمەرجی ئاڵوگۆڕەکانە لەکۆمەڵدا.

پرسیار: چۆن دەڕوانیتە بەرەی گۆڕان وەك هێزێکی نۆپۆزسیۆن؟

وەڵام: بەرەی گۆڕان، ئەگەرچی دەستپێشکەرییەکی باش بوو، وە ئەگەرچی نییەتی باش لەپشتیەوە وەستابوو، بەڵام بەبڕوای من و بەشاهیدی خەڵکیش نەیتوانیوە بارودۆخی جێکەوتووی نۆپۆزسیۆن تێپەڕێنێت و جگە لەوەی هێشتا خۆیشی ئەکەوتۆتە سەرپێ و ئاستەنگی زۆریشی هەیە بۆ کەوتنە سەرپێ، لەباشترین حاڵەتیشدا بەشێك لەنۆپۆزسیۆنی نومێدەوارکردوە. بەوپێیە بەرەی گۆڕانیش پێویستی بەوەیە وردتر و فراوانتر لە فراهەمکردنی پێویستییەکانو میکانیزمی گۆڕانی کوردستان بڕوانێت. بەرەی گۆڕانیش پێویستە ڕۆشنتر دیاریبکات چی دەگۆڕێت و بەچ میکانیزمێك دەیگۆڕێت و لەگەڵ کێ دەیگۆڕێت. بەڕای من لەتواناودا نییە بەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی جەماوەرو بەبێ تێکەڵاوبوونی هەمەلایەنە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی خەڵك گۆڕان بەدیبێت.

پرسیار: لە کوردستان دیموکراسی و نازادی سیاسی لەچ ئاستێکدایە؟

وەڵام: هەڵبەت دیموکراسی و نازادی دروشم و دەربڕینی سۆزدارانە نین، بەڵکو دوو چەمکی سیاسی فراوانو واتادارن و پەیڕەوێکن بۆ ڕێکخستن و بەرێوەبردنی ژیانی خەڵك، بەڵام بەداخەوە لەکوردستان دوومەسەلە زۆر تێکەڵکراون لەبواری دیموکراسی و نازادی سیاسیدا، هەرئەوەی کە خەڵك وەکو پێشوو لەسەر سیاسەت نیعدام ناکرێتو ناگیرێت (کەدیارە ئەویش بووە، تیرۆرو کوشتنی بێمەحکەمە لەشەڕەکاندا و هەرەشەو ڕاوەدوونان و چاوسورکردنەوەو بودجەبڕین و مۆڵەت پێنەدانو بارەگاداخستنیش زۆر بووە)، وە هەر ئەوەی هەڵبژاردن بەرێوە دەچێت ئەوە ناوەدێنن نازادی و دیموکراسی. بەڵام لەراستیدا لێرە نە نازادی و نە دیموکراسی خاوەنی پشتیوانی یاسایی نین و هیچ هێزێك بۆ پاراستو بەرگری لێکردنیان لەناراداینییە، نازادی و دیموکراسی پێویستییان بە یاسای مۆدێرنی مەدەنییە کە مافەکانی مرۆڤو مافی تاك و سەربەخۆیی قەزا دابینبکات، بەڵام یاساکانی کوردستان تائێستاش هەر یاساکانی ڕژێمی بەعسن و هەموشمان دەزانین کە حکومەتەکانی کوردستان لە حکومەتی بەعس زۆر نامونەمەساتی ترن، ئەگەر ئەو یاسانە لای بەعس بۆزۆکراسییەت و دیکتاتوریەتیان بەرهەمهێنانە ناتوانن لە کوردستان دیموکراسییەت بەرهەمبێنن.

ئەمە هێشتا نیوەی کێشەکەیە، ئەوەندگاوانەی دەسەلاتی کوردیش بۆ ئاڵوگۆڕ هەڵبهێنانەتەوە ئەك هەر بەئاقاری کرانەوەی زیاترو سەقامگیرکردنی نازادی و دیموکراسی نییە بەلکو بەپێچەوانەوە هەرچی زیاتر بەرەو داخستنی دەرگاکانی نازادی و هەڵتەکاندنی بنەماکانی دیموکراسی دەچێت، دەستوری پێشنیار کراو کە بە ئەفەسێکی زۆر نادیموراسی نوسراوە، نمونەیەکە کە لەیاساکانی پێشوو مەترسی زیاتر لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان دادەنێت و نازادی و دیموکراسی تەنانەت لەئاستی سەرەتاییشدا دەخاتەوە ژێر پرسیار.

نازادی و دیموکراسی پێویستییان بە کۆمەڵگەی مەدەنییەو زۆر نامۆر ناکۆکن لەگەڵ کۆمەڵگەی عەشیرەتی کە دەسەلاتی سیاسی لەکوردستان بەوپەڕی توانا و بەرگری لێندەکاتو بەرهەمی دێنێتەوە. نازادی و دیموکراسی پێویستییان بەمافی هاوڵاتی بوونە کە لەکوردستان نییە، پێویستییان بەجیاکردنەوەی دەسەلاتی حزبو حکومەتو نایو دەوڵەتە کە لەکوردستان وەك عاشقەوماشقە لەیەك ئاڵاون و لەیەك جیانابنەوە. نازادی و دیموکراسی پێویستییان بەحکومەتی مونەمەساتییە کە ڕەوەندی کارگێڕی کوردستان ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەی ئەو دەچێت.

پرسیار: قسەت چییە لەسەر گەندەڵی و هەوڵەکانی بنبڕکردنی، ئایا لەکوردستاندا لەتواناودا هەیە ئەو کارە بکرێت؟

وەڵام: گەندەڵی و دەسەلات لەم وڵاتە بوونەتە بەڕیشتی یەکترو دوو دیوی یەك مەسەلەن، بەهیچ شێوەیەك لەتواناودا نییە جیا لەیەك وەلابنرێن و پێناسەی هەریەکشیان بەبێ ئەویتر کەموکورتە.

گەندەڵی بەئاستێك گەیشتووە کە هیچ پرەنسیپو قیمەتێکی نەهێشتووە، دڵسۆزی لەناوبردووە، خۆبەرستی و هەڵبەرستی پەرەپێداوە، خاوەن پرەنسیپو دڵسۆزر بەدربەستەکان بوونەتە جێگای گاڵتەجاڕی، تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئەدیبو ڕوناکبیرو هونەرمەندان و نووسەرانیشی خەساندووە، هەرکەسێك دەستی لەمەقامێك گیربوو لەخۆی ڕادەبینێتو ڕێگا بەخۆی ددەات ئەو دەسەلاتەی هەیەتی بەکاربێنێت بۆ خۆدەوڵەمەندکردنو گیرفان پڕکردن.

ئەمانە لەخۆیانەوە نەهاتوون، لەبێناگایی و بێتوانایی دەسەلاتیشەوە نەهاتوون، بە پێچەوانەوە کەم نین ئەو کەیسە نابڕەبڕەو ڕیژدان هەڵقرچێنەرانەی خاوەنەکانیان دوای لێکۆڵینەوەو ساغبوونەوە پلەوپایەو نیمتیازی زیاتریان وەرگرتووە، بۆیە بە بڕوای من یەکەم هەنگاوی بیرکردنەوە لە بنبڕکردنی گەندەڵی پێویستە لەوە دەست پێبکات کەچۆن بیر لەوە بکەینەوە چاکسازی ڕیشەیی لەسیستەمی دەسەلاتدا بکرێت، سیستەمی حوکم پێویستی بەوەیە سەرلەبەری لەسەر بنەمای کارزانی و لێهاتوویی و دڵسۆزی، (نە لەسەر بنەمای حزبی و خزمایەتی) دابڕێژرێتەوە، ئەمە پێشمەرجی کۆتاییهاتنی گەندەڵییە.

پرسیار: پێتوایە مادەی 140 لەکاتی خۆیدا جێبەجێکرێت؟

وەڵام: مادەدی 140 بڕگەیەکی یاسایی بۆ ئاسایکردنەوە بارودۆخی کەرکوك و ناچەکانی هاوشێوەی ئەوە، بەڵام ناسیونالیزمی کوردو عەرەبو تورکمان هەریەکە لەدورکردنیان لە بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆیانەوە جۆرە واتایەکیان پێبەخشیوە کە بووەتە مایەی ناناساییکردنی بارودۆخەکە، تەبلیغات و هەوڵەکانیان بەگشتی بەبارێکدایە کە ئەتەوەکانی عەرەبو تورکمان دەترسێنی لەئەوەی ئەو مادەیە پرۆسەیك بێت بۆ پلەدوورکردنیان لە هەرێمی کوردستاندا، ڕۆڵی بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکەو دژایەتی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ داخوازییەرەواکانی خەڵکی کوردستانو هەروەها بوونی ئەوت لەکەرکوك و گرنگی ئەوت بۆ نیمپریالیزمی ئەمریکی هەموو ئەوانە ڕاستی ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئەو مادەیە لەکاتی خۆیدا جێبەجێ نابێت و شانسی جێبەجێبوونیشی زۆر نییە، ئەوە لەکاتێکدا کە ئەوەی بە قیادەی سیاسی کورد ئاسارە لەئاستی بەرپرسیارێتی پێویستدا نییە.

ئەمە چ جۆرە حکومەتێکە؟

ن/ لاوان ئەحمەد-
کەلار

گرفتی ئەم میللەتە ستەمدیدەیەی ئەم بەشە ئازادکراوەی کوردستان لەوەدایە کە خاوەنی حکومەتێکی ڕاستەقینە نییە ئەوەی کە دەوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو حکومەتە نییە کە لەهەرولاتێکی دیکەی دنیادا هەیە .ئەو حکومەتە نییە ئەرکی چارەسەرکردنی کێشە و ململانیەکان بێت مافەکان بپارێزێ کەڵك بەخش بێت خزمەت پێشکەش بکات بەهاوڵاتی..!!

ئێمە خاوەنی حکومەتێکین ئەم حکومەتە ناتوانێت تێکڕای خەڵکەکەی بەیەك چاو ببینێت بەڵکو بە پێچەوانەوە هێشتا مەسەلەی تەزکیەی حیزبی پێوەری مەمەلەکردنی حکومەتە "ئەم حکومەتە ناتوانێت کەشێك بخولقێنێت هاوڵاتی هەست بە هاوڵاتی بوون بکات بحەسێتەوە.و چیتر نەناڵێنێت بە دەستی گرفتی کاروبا و سوتەمەنی و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە .

ئەم حکومەتی هەرێمەی لەمەڕخزمان لە بنەڕەتدا حکومەتێکی حزبێنەدراوە حکومەتی (پارتی و یەکێتی) یە ئەو دوو حیزبەی نەبوو ڕۆژێك بە خویانداو بچنەوەو بوێك لە ڕەوش و بارودۆخی گرفت ئامیزی ئەم میللەتە بکەنەوە .ئەم حکومەتەی ئێمە بەنێو خاوەنی پەرلەمانێکە کە دەبێ ناوچەکە چاوی لێبکات , بەبێ گەڕانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبی ئێمە براو ناتوانێت هیچ بکات !!ادخوا ئەندام پەرلەمانەکانمان خۆیان بەنوێنەری میللەت دەزانن؟ ..حاشا ئەوان نوێنەرایەتی ئێمە ناکەن ئەوان خەلکانێکی خەواڵون هەمیشە کەروێشکە خەو دەکەن لە کۆبونەوەکانی پەرلەماندا ..جارێکی تر دێمەوە سەر ئەوەی کە حکومەتی هەرێم حکومەتی پارتی و یەکێتییە ،ئەو دووحیزبەش کە دەڵێن هەڵبژاردن پێش ئەوەی دەنگێك بخرێتە سندوقەکانی دەنگدانەوە کورسیەکان برابەش کراون (50-50) کە ئەمەش بێ ڕێنەترین مۆدێلی سیاسی و حکومڕانییە کە پارتی و یەکێتی پەیڕەوی دەکەن. بڕیار دەدەیت موقاتەعەی هەڵبژاردن بکەیت .لەبری تۆ دەنگەکەت بۆ دەدرێ ئەمەش مۆدێلێکی ترە.

ئەم حکومەتەی ئێمە حکومەتێك نییە بتوانین بیگۆڕین و ڕەتی بکەینەوە مافی خواوەندی بۆ خۆی قۆرخ کردووە هەرقسەیەکیش لەوبارەوە دەچێتە خانەی کوفرو تاوانەوە ، حکومەتی هەرێم حکومەتێکە ناوچەیەك دەگرێتە ئامێزو پارك سیتی و ناز سیتی و شاری خەونەکان بەدیاری پێشکەش دەکات , دەڤەرێکیش کەهەمیشە نیشانەی تیری دوژمنان بووە دەیداتە دەست فەرامۆشی !! ئەم حکومەتە حکومەتێکە دەرزەنێك وەزیری هەرێمی هەیە .ئەم حکومەتە وەزارەتێکی هەیە بەناوی وەزارەتی پەروەردە داماوە دەسەلاتی نییە بەرێوەبەری قوتابخانەیەك بگۆڕێت و کەسی تربخاتە جێگەیەوە ،ئەو ئەرکەی بە حیزب سپاردووە هەرئەم وەزارەتە کە بەفۆزنتی گەورە لە پەرتوکی پروکرامەکانی خوێندن نووسیویەتی (خوێندن بەخۆڕاییە) کە چی ساڵ ئەواو بوو ئەوەندە ڕەزیلە و چاو چنۆکە یەك پێنووسی نەدایە دەست قوتابییە بێنازەکانی !!ئەم حکومەتە چ جۆرە حکومەتێکە ؟.

Lawan Bdk @ yahoo.com